مێزگردی هاوڵاتی لەسەر دۆزی ئێستاو ئاینـ

سازدانی: پ لەندەن

بەشی دووەم و کۆتایی

ئاشکرایە بەشێکی زۆر لە رۆشنبیرانو کەسایەتی ناسراوو دیاری کورد لەهەندەران دەژین، ئەوان هەرچەندە لەدەرەوەی کوردستان دەژین بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دوورنین لە ئێشو ئازارەکانی خەڵکی کوردستان، ئەوان بەوردی چاودێری ئاڵوگۆڕەکان دەکەنو بەئەزموونێکی نوێوە هەلومەرجی سیاسیو کۆمەڵایەتی کوردستان دەخوێننەوەو هەڵسەنگاندنی لەسەردەکەن.

ئۆفیسی هاوڵاتی لە لەندەن بەمەبەستی گواستنەوەی راوبۆچوونی کەسانی شارەزاو دڵسۆزی هەندەران لەسەر دۆزی ئێستاو ئایندەی کوردستان، چەند کەسایەتییەکی داوەتکرد بۆ گفتوگۆکردن، لەومێزگردەدا هەریەك لە سەباحی غالب، شۆڕش حاجی، د.ڕێبوار فەتاح، د.محەممەد حاجی، د.سەلاح عەزیز ئامادەبوونو گفتوگۆی راشکاوانە لەوبارەیەوە کرا.

هاوڵاتی: ئێستا هەموو چاودێران تەنانەت خەڵکی کوردیش درکی ئەوەدەکەن کە لەچاو کوردستاندا لەبەغداد کارەکان شەفافانەتر دەڕوات بەڕێوەو پەرلەمانی بەغداد ئەکتیڤترو پارتەکانی ئەوێ بە کردەوە ململانێی سیاسی دەکەنو هەڵبژاردن دەکەن، ئەمە چەندە کاریگەری دەبێت لەسەر نەگەڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکانو چەند کاریگەری دەبێت لەسەر خەڵکی ئەو ناوچانە؟

د. محەممەد حاجی: لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە ئەویش ئەوەیە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان تاچەندە لەگەڵ داخوازییەکانی خەڵکی کوردستاندایە؟

گەڕان بەدوای ئەلتەرناتیڤدا لەکوردستانداو دەستنەکەوتنی وای کردووە لەنێوان لایەنەکاندا لەنێوان خراپو خراپتردا خراپێك هەڵببژێردرێت، لەسیستمی فیدراڵیدا حکومەتی ناوەندی بوونی نییە، گەڕانەوە بۆلای حکومەتی فیدراڵی گەڕانەوەیە بەشوێن نائومێدیدا، ئەوە لەوەوە سەردەردەهێنی کە حکومەتی کوردستان کەمتەرخەمەو گوێ لەخەڵکی کوردستان ناگرێت، دەنا من لەوە دڵنیام کە خەڵکی کوردستان هیچ کاتێك لەگەڵ ئەوەدا نەبوون کە حکومەتێکی مەرکەزی بەهێز هەبێت، ئەمە جگەلەوەی کە ئەمە یەکناگرێتەوە لەگەڵ سیستمی فیدراڵی لەهەمانکاتیشدا یەکناگرێتەوە لەگەڵ خەونەکانی خەڵکی کوردستاندا، بەڵام ئەمە زیاتر پەیوەستە بەو نائومێدییەی کە ئەمڕۆ لەسەر شەقامی کوردی دەرهەق بە حکومەتی هەرێم هەیە، ژیانی سیاسی ئەمڕۆ بریتییە لە ململانێیەتی سیاسیو دیموکراتییانە، ئێستا لە بەغداد ئەو پرۆسەیە زیاتر پێشکەوتووە تا کوردستان، هەموو ئەو کۆسپانەی کە لەبەردەم بردنەپێشەوەی ئەم پرۆسەیەدا هاتووەتە پێشەوە، هەردوو حزبەکە لێی بەرپرسیارنو هەر خۆشیان دروستیانکردووە، راستە بەغداد لە ئیدارەکردنو حکومەتکردندا ئەزموونێکی زیاتریان لە کورد هەیە، راستە هێزەکانی ئەمریکا لەوێن، هەروەها لەوێ گەڵێك لایەنی سیاسی جۆراوجۆر هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا دەکرا لەکوردستانیش بیر لەوە بکرایەتەوە کە پەکی پرۆسەکە نەخرێ چونکە لێرەش ئەو ئیمکاناتە هەبوو گەر بویسترایە کەڵکی لێوەربگیرێت، وە ئەگەر ئەو ئیمکاناتەشمان نەبوو، دەکرا سود لە ئەزموونی وڵاتانی دۆست وەربگیرایە، بۆیە بەهانە هێنانەوە بۆ ئەو رەوشەی کە ئێستا لەکوردستاندا هەیە بەدەردی کەس ناخواتو دەبێت دوو حیزبەکە بەوە رازی بن کە بەرپرسیارێتی گەورەیان کەوتووەتە سەرشان.

هاوڵاتی: بەگشتی ئێستا دەسەڵاتو نفوزی کوردی لەبەغداد لەپاشەکشەدایە، ئەمەش کاریگەری زۆری هەبووە بۆسەر بڕیارە سیاسییەکانو خواستەکانی خەڵکی کورد، لەوانە لەچەند ناوچەیەك پارتە کوردییەکان پاشەکشەیان تیادا کرد، یان کەرکوك جاران کورد بەوە رازی نەدەبوون کە بکرێتە ناوچەیەکی سەربەخۆ، بەڵام ئێستا تاڕادەیەك بەو بڕیارە ڕازین، ئێوە ئەو پاشەکشەیە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

د. ڕێبوار فەتاح: ئەم رووداوانەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە پێمان بڵێت دەسەڵاتو سیاسەتی سەرکردایەتی کوردیو حکومەتی کوردی تاڕادەیەك فەشەلی هێناوە لە چارەسەرکردنی کێشەکان، ئەوانەی کە روویانداوە لەناوچەکە بەجۆرێك لە جۆرەکان هەرەسی دەسەڵاتی سیاسی کوردی نیشاندەدەن، دەسەڵاتی سیاسی کورد نەیتوانی حکومەتی دامەزراوەیی خۆی دامەزرێنێت، نەیتوانی نوێنەرایەتی شەرعی خەڵکی کوردستان بکات لە کێشەکاندا، لەهەموو ئەو کێشانەدا دوو فاکتەر گرنگە کە باسیان بکەین، فاکتەری ناوەوەو دەرەوە، لای من فاکتەری ناوەوە زۆر گرنگ بوو ئەگەر حکومەتی کوردی بیتوانیایە دەنگی خەڵکی بخستایەتە پشتی خۆی، بەدڵنیاییەوە لەبەرانبەر تورکیاو ئێرانو ئەمریکاش بەهێزتری دەکرد، ئەوکاتە لەگەڵ بەغدادیش کێشەکان ئاسانتر دەچوونە پێشەوە، هەموو ئەولایەنانە کە دانوستان لەگەڵ حکومەتی کوردستاندا دەکەن دەزانن کە لەناوەوە چەند پشتیوانی هەیە، واتە دەتوانن خاڵە لاوازەکانی حکومەتەکە ببیننەوەو بزانن چۆن مامەڵەی لەگەڵدا بکەن، ئەوان کە زانیان ئەم حکومەتە پشتیوانییەکی بەهێزی ناوخۆی لەپشت نییە، هەوڵ دەدەن مەرجەکانی خۆیانی بەسەردا فەرزبکەن، جاران هەموو لایەنەکان کە باسی کوردیان دەکرد سوپاسی کوردیان دەکردو بەچاوی رێزەوە تێیان دەڕوانی، بەڵام چەند هەفتەیەك لەمەوبەر مالیکی دەیوت سنور دەگرین فرۆکەخانەکان دەخەینەوە ژێر کۆنترۆڵی خۆمان، واتە بەزمانی هەڕەشە قسەی دەکرد، پاشان دەیوت نابێ پارێزگایەك پەیوەندی خۆی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێدا ببەستێت، جاران کەس واقسەی نەدەکرد، بەڵام ئێستا حکومەتی کوردی ئەوەندە لاوازە ئەوەندە کەلێنی تیایە، بەو زمانە قسەی لەگەڵدا دەکرێ، شتێکی تریش کە وادەکات لەبنی هەمانەکە بدەین وەك ئینگلیز دەڵێت لەسەری ئاخر بزمار بدەین، ئەوەیە، سەرکردەکانی کورد کاتێك گفتوگۆ لەگەڵ بەغداد دەکەن هەمیشە ئەوەیان لەبەرچاوە کە مەسئولیەتەکەی ئەوێیان لەکیس نەچێت، ئەم قسەیە بۆ مام جەلالیش راستە، ئەو بەو تەمەنو ئەزموونەیەوە وا مامەڵە دەکات، کە مەترسی بۆسەر پۆستەکەی دروستنەبێت، جارێك پرسیاری بەکوردی لێدەکەن ئەو لەوەڵامدا دەڵێت زمانی رەسمی عێراق عەرەبییە بەعەرەبی قسە دەکەم، ئیتر دەبێت ئێمە چۆن چاوەڕێی ئەوە بکەین کە تورکو عەرەبو فارس رێزمان بگرن، بۆ کەرکوکیش لام وایە ئەگەر ئەم حکومەتە کوردییە نەگۆڕێتو گۆڕانکاری گەورەی تیانەکرێت، لام وایە مادەی ١٤٠ مردووەو رۆشنایی نییە لەوەی کە چاوەڕێی بکەین کەرکوكو ناوچەکانی تر بگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان، بۆیە ئەوەی کە روودەدات لەسەر ئەو ناوچانە، ئەوەیە کە حکومەتی بەغداد دەیخوازێت نەك کورد کە ئەمەش لە دواجاردا هەرەسێکی گەورە دەبێت بۆ حکومەتی کوردستان.

سەباحی غالب: من لەسەر مەسەلەی کەرکوك دەمەوێت شتێکی تر بڵێم، ئەم باسە قسەیەکی زیاتر هەڵدەگرێت، کەرکوك بەشێکە لەو ناوچانەی خوارووی کوردستان کە داگیرکراون، ئەو ناوچانە ئەگەر بەچاوی داگیرکراوی سەیری نەکرێن، لام وایە هیچ هەوڵێکی جدیش نادرێت بۆ رزگارکردنیان، وەئەگەر کەرکوك بوو بەناوچەیەکی سەربەخۆ ئەوە مانای ئەوەیە کە دیسانەوە کوردستان دابەشدەکرێتەوە بەشێوەیەکی بچوکتر کە لەدوای پەیمانی زەهاو کە ١٨٣٩دا کراوەو دواییش دابەشکردنی کوردستان لەدوای جەنگی جیهانی یەکەم، واتە ئەمجارەش بەشێوەیەکی تر دابەشکردنێك دەبێت بەڵام بەشێوەیەکی بچوکتر، وە کەرکوکیش لەئاکامدا بەتەواوەتی لەدەستدەچێتو دەبێتە دەسەڵاتێکی جیا بەڵام سەربەخۆ نابێت بەڵکو سەر بەتورکیا دەبێت، سەرکردایەتی کورد ئەگەر ئێستا نەتوانێت کەرکوك بخاتەوە سەر هەرێمی کوردستان من دڵنیام ئیتر چاوی رەشمان کاڵ دەبێتەوە، دەبوو لەم کێشەیەدا سەرکردایەتی کورد پشتی بە مێژوو و جوگرافیا ببەستایە نەك بە سەرژمێر، لەهیچ شوێنێکدا لەهیچ وڵاتێکدا، ناوچە دیاری کردن سەرژمێری کردن نابێتە پێوانە بۆی، ئەمە تەنها لە ئەقڵی دواکەوتووی سیاسەتدایە کە سەرژمێری دەکاتە بناغە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە داگیرکراوەکان، وە ئەگەر لەکاتێکیشدا سەرژمێری بکرێتە بناغە باشتر بوو بگەڕانایەتەوە بۆ هەموو ئەو بەڵگەنامانەی کە باسی سەرژمێری دەکەن، نەك بەتەنها پشت بە سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ ببەسترێت، ئەوە زۆر گرنگ دەبوو ئەگەر ئەو بەڵگەنامانە سەیربکرایە کە کۆمەڵەی گەلان هەیەتی لەسەر کورد ئەو بەڵگەنامانەی کە گەڕیدەکان نوسیویانە لەسەر کەرکوك ئەوانەی کە ئێستا لەبەریتانیا هەیە، هەموو ئەوانە ئەوە دەسەلمێنن کورد زیاتر لە ٥٥٪ی دانیشتوانەکەی بووە بەڵام بەداخەوە سەرکردایەتی کورد تەنها پێی لەسەر سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ دادەگرێ.

دیمەنێك لە مێزگردەکە

هاوڵاتی: لە قسەو بۆچوونەکانی ئێوەدا دەردەکەوێت کە ئێوەش وەك خەڵکی ناوەوەی کوردستان تاڕادەیەك بێئومێدیو دڵەڕاوکێتان هەیە لەسەر مامەڵەی سەرکردایەتی سیاسی کورد، باشە بەڕای ئێوە چیبکرێ بۆ ئەوەی کە رەوشەکە بەوشێوەیە تێنەپەڕێت کە دەبینینەوە ئەگەر وابڕوات کورد لە هەموو روویەکەوە زەرەرمەند دەبێ لێی؟

شۆڕش حاجی: وەڵامی ئەم پرسیارە تاڕادەیەك کارێکی زەحمەتە، بە رای من باشترین رێگاچارە بۆ ئەوەی کە بتوانین هەموو کێشەکان چارەسەربکەین، لاموایە دوو شتە کە دەبێت هەم خەڵکی کوردستان هەیانبێت هەم دەسەڵاتە سیاسییەکە، ئەویش ئەوەیە بتوانین خۆشەویستی خاكو نیشتمان زیندووبکەینەوە لەلای هەموولایەك، دووەمیان، هەستکردن بە بەرپرسیارێتی لەبەرانبەر خاكو نیشتمان، کە بەداخەوە لە هەڵوێستی دەسەڵاتی سیاسی کورددا خۆشەویستی خاكو نیشتمانو خۆشەویستی بۆ خەڵکی کوردستان بەدیناکرێ، وە ئەو خۆ بەخاوەن زانینەی خەڵکی کوردستانیش بۆ خاكو نیشتمان لای ئەوان بەدیناکرێت، بە هەرزانفرۆشتنی نەوتی کوردستانو بەقاچاغ ساخکردنەوەی بەڵگەن بۆ ئەوەی کە سەرکردایەتی سیاسی